

# ئاوێنەی مەرگ

دەزانم جارێکی تر گەشتر و
جوانتر نابم
جارێکی تر گرچوکاڵی رووم
وەکو هەسانە نابریقێتەوە
بۆیە بریارمدا لەگەڵ کارواندا
رێگای مەرگ بگرم
رەنگە هێندە بەختاوی بم ، بژیم و نەمرم

جا چی بەرامبەر  ئەو ئاوێنەیە بدرکێنم

دەمێکە بەدوای روحم دەگەڕێم
کەچی ناتوانم دەستبەسەری بکەم و
خۆم رزگار بکەم
ئاخۆ کێ دەتوانی راوی روحم بکات و
وەکو ژنی فیرعەون ، موسا رزگار بکات

کامە دەریای مەرگ داستانی جوانی
من و ئاوێنە ، دەقاودوق بۆ سەردەمی
داهاتوومان‌دا دەگێرێتەوە ، ئێوە
تێر تێر بخاتە ناو کۆمەڵگای پێکەنینی
بەختی شەوانەی کاکەی کاروانڕێ
رەنگە ئەمیش بەدەردی قاچاغچی ژیان
لە رێگای مەرگ و ژیان رزگاری نەبێ

کامە داستانی بەختەوەری تۆیە بخاتە
بەردەمی قەڵەمی مرداری سەردەم
بۆخۆشم جارێکی تر
رووی ئاوێنەم بگۆڕم
ئەو کاتە هەتا بەیەکتر دەگەینەوە
تێر تێر خۆم ماچ بکەم ، هەتا دەحەسێمەوە
ئینجا ، بەرە و کۆچ سەرداری بگرمە دەست و
بە رەنگی رووم ، جارێکی تر خەم نەخۆم

کامەیان نامۆیە ،
بابێتە بەر ئاگردانی نووسەرە برسیەکانی
سەردەمی نەبیەکانی بەر لەدایک بوونی
ئیـســـــــــــلام
ئەو کاتەش روحی من
هەر لەوێ زیندوو دەبێتەوە ،

وای حەزم دەکرد هەر لەوکاتە بژیابام ،
خۆ لەناو دەریای مەی و رەشماڵی پەریان
هەردەم شەو و رۆژم بەیەکتر دەبەستەوە و

کەسیش باسی کوشتن و سەرپەڕاندنی
بۆ نەدەکردین .
ئەگەر زۆریان بکردایە ، تەنها زۆردارت
دەعوەتی مەی و رەشماڵی پەریان دەکرد
ئەوکاتە ، ئەویش سەری بەرزی بۆ شۆڕدەکردی و
تێر تێر لە دەریای مەی و
لەژێر رەشماڵی پەریان دەحەساوە ،
تۆش لە مردن رزگارت دەبوو .

ئەوەی باسی کوشتنی پەریەکچان دەکا
درۆ لەگەڵ مێژوو دەکا

ئەوەتا ئێستاش لە وڵاتێکدا هەروا دەڕوا
کێ دەتوانی پێنج پەری لە منداڵدانی دایک
رزگار بکا ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەفسانەیەکی تازەیە و
تۆ و شیعر درۆ دەکەن
نەئەمەیان فەرهەنگی ژیانە و
نەئەمەیان مەرگی
ئەدەبی سەربازی نەبیەکانی سەردەمە .

بگەڕێوە بەڵکو بتوانی
ژیانی خۆت رابگری
لە سەردەمێکی تردا ، لەدایک ببیتەوە
ئەمانەی دوێنێ لەبیریان بەریتەوە
خۆشت دەبیتە شۆڕەسواری
شاعیرانی ئێستاکە و لاوکی رەحمەتی مەرگ
دەکەیتە ملوانکەی ژیان .

دەبیشکێنە ... ... وردوخاشی بکە ئەمەیان
ئاوێنەی مەرگ نیە .. .. ئەمەیان دۆزەخی
بەرماوەی ژیانی دوای هاتنی ئاینی تۆیە .

کەی راستە
بەرەوخوار ، سەرلەشکری کاروانی
داهاتووبیت و جیهانیش راگری .

کەی راستە
جارێکی تر شاری پەریان
بۆ ئەهریمەن چۆل بکەی .

سەیری رووی
خۆم دەکەم و
کەچی
ناتوانم

**شێوەیەکی**
**گونجاوی**
**بۆ دروست بکەم**
**ئاخۆ دەکرێ**
**مەرگی خۆم رابگرم .**

م   خ   ر   = 3
ه   ۆ   ا   = 3
ر   م   ب   = 3
گ   گ   = 2
ی   ر   = 2
م   = 1

**سەیداوە ـ هەولێر** 20 / 3 / 1976 **فەهد گردەوانی**